Språk: Sydkurdiska (Sorani)

Faktablad för arbetssökande –
Stöd till start av näringsverksamhet

2017-01

# یارمەتی بۆ دامەزراندنی کاروباری بازرگانیی

ئەتۆ کە وەدوای کار دەگەڕێیت و هەلومەرجی باشت هەیە بۆ دامەزراندنی کاروباری خۆت دەتوانیت لە هەندێک دۆخ پشتگیری و یارمەتی وەرگریت لە کاتێک شیرکەتی خۆت دادەمەزرێنیت. بەرنامەکە پێی دەگوترێت *یارمەتی بۆ دامەزراندنی کاروباری بازرگانیی* و یارمەتی پارەت دەدات بۆ بەخێو کردنی خۆت لە ماوەی سەرەتای کاروبارەکە.

## ئایا ئەمن دەتوانم یارمەتی وەرگرم بۆ دامەزراندنی کاروباری بازرگانیی؟

دەلاڵی کارت لەپێشدا هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکانی ئەتۆ دەکات بۆ وەرگرتنی کارێک. دەلاڵی کار سەیری ئەزموونیەکانی ئەتۆ دەکات و ئەو بواری پیشە کە ئەتۆ تێیدا وەدوای کار دەگەڕێت، بەڵام هەروەها ئەو دۆخی بازاڕە کە هەیە لەبەر چاوی دەگرێت. ئەتۆ هەروەها دەبێت هەلومەرجی باشت هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی شیرکەتێک کە تاقی دەکرێتەوە لە پلانێکی کاسبی کە ئەتۆ وەک داواکار دەبێت جێبەجێ بکەیت پێش ئەوەی بتوانیت یارمەتی وەرگریت لە بەرنامەکەوە. ئەوە واتا کاروبارەکە دەبێت قازانجێکی جێی ڕەزامەندی هەبێت و ئیشێکی هەمیشەیی ببەخشێت.

ئەتۆ دەبێت تەمەنت لە سەرەوەی ١٨ ساڵ بێت و وەک کارخواز لای بنکەی کاردیتنەوە ناوت هەبێت.

ئەتۆ کە دەتەوێت بەشداری بکەیت لە بەرنامەی یارمەتی بۆ دامەزرانی کاروباری بازراگانیی دەکرێت لە هەندێک دۆخ دەرفەتی کردنی پراکتیکت پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی ئەزموونی زیاتر وەرگریت لە کەرتێکی دیاریکراو کە ئەتۆ تێیدا شیرکەتەکی خۆتی بەڕێوە دەبەیت. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت دەرفەتی خوێندنی ئامادەی وەرگریت بۆ ئەوەی ئەو ڕێسایانە فێر بیت کە برەویان هەیە ئەگەر ئەتۆ پێشتر هیچ شیرکەتێکت بەڕێوە نەبردووە.

ئەوە شتێکی گرینگە کە شیرکەتەکە دەست پێ نەکات پێش ئەوەی بەرنامەی یارمەتی بۆ دامەزرانی کاروباری بازراگانیی پەنەسد کراوە بۆ ئەتۆ لە لایەن دەلاڵی کارت، ئەو کات لەوانەیە لە مەترسی ئەوە بکەویت کە یارمەتیەکەت بۆ پەسەند نەکەن ئەگەر شیرکەتەکە هەر لە ئێستاوە دامەزراوە.

## ئایا هیچ قەرەبوو وەردەگرم؟

ئەتۆ مووچەی چالاکیی یان قەرەبووی پێشکەوتن وەردەگریت لە کاتێک بەشداری دەکەیت لە بەرنامەکە و شیرکەتی خۆت دادەمەزرێنیت. ئەوە بنکەی بیمەی گشتییە کە مووچەی چالاکیی حیساب دەکات، بڕیاری لەسەر دەدات و پارەکە دەدەات. زیاتر بخوێنەوە لە پەڕەی زانیاری مووچەی چالاکی و قەرەبەووی پێشکەوتن لە لە ماڵپەڕی forsakringskassan.se.

## ئایا بۆ ماوەی چەنێک دەتوانم قەرەبوو وەرگرم؟

ئەتۆ دەتوانیت تا ئەوپەڕی شەش مانگ قەرەبوو وەرگریت. دانی کاتی قەرەبووەکە دەکرێت لە هەندێک دۆخ درێژ بکرێتەوە، بەڵام تەنیا ئەگەر نەخۆش کەوتوویت یان ناچار بوویت چاوەڕوانی مۆڵەتی دامودەستگا بکەیت کە دواکەوتووە.

## ئایا ئەمن بیمە کراوم؟

ئەتۆ لە ڕێگای یارمەتی چالاکیی بیمە نەکراویت. و ئەتۆیش کە بەشداری دەکەیت لە بەرنامەی یارمەتی بۆ دامەزرانی کاروباری بازرگانیی لە نێو بەرنامەی کار و گەرانتی پێشکەوتین بۆ لاوان بیمە نەکراویت. واتە ئەتۆ بۆ خۆت دەبێت ئاگات لە بیمەی پاراستنی خۆت هەبێت.

## ئایا چ کسێک چ شتێک دەکات؟

پێوەندی بە بنکەی کاردیتنەوە بکە ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت لەبارەی ئەو یارمەتییەی کە دەتوانیت وەریگریت لە کاتێک کاروباری بازرگانیی دادەمەزرێنیت. ئەوە شتێکی گرینگە کە ئەتۆ لێکدانەوەی پلانی کاسبی خۆت کردبێت بۆ ئەوەی بتوانیت بۆ

Af 00008_1.1_(2016-08-02, AF2000)

ئێمەی شی بکەیتەوە و پلانی کاسبی و خەرجی ڕادەست بکەیت. بە یارمەتی ڕێنماییکاری بابەتزانی ئابووری ئێمە دواتر هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکانی ئەتۆ دەکەین بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکە و ئەگەر ئەتۆ مەرجەکانی دیکە پڕ دەکەیتەوە.

## ئایا ئەمن دەتوانم یارمەتی زیاتر وەرگرم؟

دامەزرانی شیرکەت، بە تەنیا یان پێکەوە لەگەڵ کەسانی دیکە، پێویستی بە لێزانینە و مەترسی تێدایە. ئێمە دەتوانین ڕێنماییت بکەین و زانیاریت پێ بدەین لە سەرەتای کاروبارەکە. لە هەنێک شوێن ئێمە کۆبوونەوەی زانیاری و خولی تازە شیرکەتی پێشکەش دەکەین. ڕێکخەری هەروەها زۆری دیکە هەن کە دەتوانن پشتگیری و ڕێنامیت بکەن لە کاتێک بە تەمایت شیرکەت دامەزرێنیت، بۆ نموونە:

**Verksamt.se** بۆ ئەتۆ کە شیرکەتی خۆت هەیە یان دەتەوێت شیرکەتی خۆت دامەزرێنیت دامی کۆمپانیا، دامی باج و دامی گەشە ماڵپەڕێکیان بە زانیاری کۆکراوەوە دروست کردووە. ئەتۆ دەتوانیت بەشداری بکەیت لە ڕۆژانی دامەزرانی شیرکەت، پلانێکی کاروبار دروست بکەیت و کاروباری بازرگانیی تۆمار بکەیت. www.verksamt.se .

**ALMI Företagspartner** یارمەتی ئەتۆ دەدات کە پلانی دامەزراندنی شیرکەتت هەیە یان تازە داتمەزراندووە. لە هەر هەرێمێک هەیە. www.almi.se

**Enterprise Europe Network** یارمەتیت دەدات لە پرسیارگەل سەبارەت بە یەکێتی ئوروپا و بازاڕی ئوروپایی. www.euroinfo.se ، ١٠ ١٠ ٩٣ - ٠٢٠.

**Insamlingsstiftelsen IFS Rådgivningscentrum** یارمەتی بە تایبەتی ئەتۆ دەدات کە لە سوید لەدایک نەبوویت کە بتوانیت شیرکەت دامەزرێنیت. ڕێنماییکردنی بە خۆڕایی بە زمانی جیاواز. گەلێك ناوەندی ڕێنماییکردن هەن لە دەورووبەری وڵات. www.ifs.a.se ، ٤٥ ٩٩ ٦٩٣ - ٠٨.

**NyföretagarCentrum** ڕێنماییکردن و یارمەتی بە خۆڕایی. لە پشت ناوەندی تازە شیرکەت یەک تۆڕی پێوەندی بەربڵاوی هەرێمیی وەستاوە لە کەسها و شیرکەت کە کۆمەک دەکەن بە ڕێنمایی پسپۆڕی بۆ دەست پێ کردنی شیرکەت. لە ١٠٠ ـ ها ناوچە هەیە. www.nyforetagarcentrum.se

**Coompanion – Kooperativ utveckling** ڕێنماییکردنی ئەو کەسانە دەکات کە دەیان ئەوێت پێکەوە بیر وەدی بێنن. لە هەر ناوچەیەک هەیە. www.coompanion.se، ٤٣ ٥٤ ٧٠٢ - ٠٨.

**پێوەندیگەلی دیکە**. بۆ نموونە: بانکەکان، سکرتێری ژیانی بازرگانیی و کۆمەڵەکانی بەرژەوەندگیر.

## ڕێساگەل

بڕیاری ( ٦٣٤ : ٢٠٠٠ ) سەبارت بە بەرنامەی سیاسی بازاری کار
بڕیاری ( ١١٠٠ : ١٩٩٦ ) سەبارت بە یارمەتی چالاکی
بڕیاری ( ٤١٤ : ٢٠٠٧ ) سەبارت بە کار و گەرانتی پێشکەوتن
بڕیاری ( ٨١٣ : ٢٠٠٧ ) سەبارت بە گەرانتی کار بۆ لاوان

تەلەفۆن بۆ ئێمە بکە بە ژمارەی ٤١٦ ٤١٦ ـ٠٧٧١ ئەگەر دەتەوێت پتر بزانیت. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت سەرلێدانی نێزیکترین بنکەی کاردیتنەوەت بکەیت یان بڕۆیتە نێو ماڵپەری arbetsformedlingen.se.